# دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی

## گرامشی وەک نمونەی بیرۆکەکە

هیفا الحسینی
و: جەلال حەمید



و.جەلال حەمید

لەکاتی نووسین سەبارەت بە کۆمەڵگەی مەدەنی، پێویستە بەرونی ئاماژە بەوە بدەین، کەوا ئەم بابەتە، یاخود ئەم ئیشکالیەتە بیرمەندانەیە، هێشتا لە ڕەوشی نزیکایەتی ئاوەڵاکراو لەسەر ئاستە جیاوازەکانی چارەسەرکارییەکاندایە.

لەچوارچێوەی ئەم بەستێنەدا، ئێمە دەبێ ئاماژە بە نزیککارییەکانی بیرمەندی مارکسی ئیتالی ناسراو ئەنتۆنیۆ گرامشی (1891-1937) بدەین ئەو نزیککارییەی کە گرامشی لە سۆنگەیەوە بەشێوەیەکی قوڵ پەیوەندی نێوان بونیادی ژێرەکی و بونیادی سەرویی و بەتایبەتی بونیادی سەرویی سیاسی، واتە تایبەت بە دەوڵەت تاوتوێکرد، گرامشی دوبارە کەوتە رونکردنەوەی بیری مارکس، وا لێیدەڕوانی ( کەناموێی مرۆڤ ئەو کاتە سەرهەڵئەدا، کە خەڵکی دەست ئەکەن بە بڕواهێنان بەوەی، کە بونیادی ئایدیۆلۆجی ڕەگ داکوتراو لەنێو ژیانی کۆمەڵایەتی وسیاسیاندا، بریتییە لەڕەنگدانەوەی سیستمێکی سروشتی هەتایی و دواتر بواری هیچ گۆڕانکارییەکی تیا ناکرێ، ئەشێ ئەم چەمکە بە ئەنقەست مۆرکی کاتیانەی ئایدیۆلۆجیاکانی فەرامۆشکردبێ و بەوەش دەبێتە هۆی پەکخستنی ئارەزوی خەڵك بۆ کارکردن، لەپێناو دروستکردنی سیستمگەلێکی کۆمەڵایەتی زیاتر مرۆڤ دۆست، لەسەرێکی دیەوە گرامشی جەختی لەسەر گرنگی بودنیادی سەرویی لە دیاریکردنی سیستمگەلێکی کۆمەڵایەتی و گۆڕینیان کرد و ئەمەش پێچەوانەی مارکسیەتی تەقلیدییە، کە دەڵێ بنەمای ئابوری لەم بەستێنە مێژوییەدا و لەڕوی سەیرورەوە ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەگێڕێ.

بیرمەندی عەرەب، ئیدوراد سەعید پرسیارێکی گرنگ، سەبارەت بەم بابەتە پێکهێنەرەی بونیادی کۆمەڵگەی مەدەنییە دەخاتەڕو و دەڵێ: ئایا ڕۆشنبیرەکان کۆمەڵە خەڵکێکی زۆرن، یان کۆمەڵێکی بچوکی هەڵبژێردراو دەستەبژێر کراون، تا دوا رادەی سنور؟ ڕەنگە گەر ئێمە ویستبێتمان خۆمان لەقەرەی باسی هەیکەلیەتی بیرمەندی پێکهێنەری کۆمەڵگەی مەدەنی دابێ، ئەوە پێویستە بچینە نێو بنج و بناوانی ئەم ڕێچکە بیرمەندیە پرسیار ئامێزە لەسەر شێوازی ئیدوار سەعیدی بیرمەند، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی، کە ڕۆشنبیر(ئەمە هەڵسەنگاندنی تایبەتی خۆمە) پێکهێنەری بنچینەیی فۆرمی کۆمەڵگەی مەدەنییە لەدوای سەدەگەلێکی درێژخایەن لە ونبون لەپێشەنگ و لە پێکهێنانی خەسڵەتەکانی کۆمەڵگە عەشایەر و دەرەبەگەکان و بگرە تەنانەت لەو دەرکەوتە کۆمەڵایەتیانەی تریش کە پاشەکشەیان لە سروشتی پێکهێنەری خەسڵەتە کۆمەڵایەتیە گشتیەکان کرد، وەك ئەو توتالیتاریەتەی کە وەك زیادەڕەوی فیکری ئەفرێنراو لەسروشتی ئەو فەیلەسوفانەی پێشوو سەریهەڵدا، کە لەڕوانگەیانەوە دیموکراتیەت بریتی بوو لە جۆرێکی زیادەڕۆ لە گیرەشێوێنی و شکستی تاڵی فۆرمی دەوڵەتی ڕاستەقینە، گرامشی لە سونگەی ئەم بەستێنەوە دەڵی (هەموو خەڵکێك



گرامشی

رۆشنبیره)، بەڵام ئایا گرامشی بەڕاستی مەبەستی ئەوەیە، کە هەموو کەسێك دەتوانێ بەشداری بکات، لە کرداری دارشتنی سیمای کۆمەڵگەی مەدەنی پێشکەتوو دامەزراو لەسەر بنەمای فیکری ، من بەش بە حاڵی خۆم گومانم لەوە هەیە، بۆیە خۆم نزیکتر دەبینم لەو یەکالاکردنەوەیەی، کە پشت بە تاوتوێکردنی ئەم بیرۆکەیە دەبەستێ، بەوەی کە بریتییە لە پێشەکیەکی گرنگ بۆ چونە نێو جەرگەی بودنیادی مرۆیی پاڵپشتی پێشکەوتن، کە گرامشی وەك بەشێکی رەمەکی لە پێکهاتەی لاهوتیانەی گەردون پەنای بۆ دەبات، دەگەڕێنەوە بۆ لای گرامشی و باش دەزانین کە ئەو رۆشنبیرەکانی کردۆتە دووبەش، یاخود دووجۆر:-

جۆری یەکەم:- رۆشنبیرە تەقلیدیەکان، وەك مامۆستاو لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی، هەمان کاروبار ئەنجام دەدەن.

ژێرەکی دروستبونی ئەم کۆمەڵگەیە ئامادەیە بۆ گێڕانی رۆڵی، کە مۆڵەی لەئامێزگری ماهیەتی کۆمەڵگەی مەدەنی وئەوە لەو ئاسانی رێگرە دەچێ، کە بەپلەی دوری، نزیك دەیبینین و تارادەی دەسکەوتنیش دوردەیبینین!! رەنگە پاشەکشەی کارەکە ئەوەبێ، کە (دەستەبژێری) عەرەبی بە ئەنقەست گرامشی و بیرمەندە بە کاریگەربوەکان، دواتر لەبیرباتەوە، واتە ئەوانەی هەوڵی بچوکردنەوەی بایەخی ژێرەکییاندا، لەپێناو بەرژەوەندی کاریگەریتی یاخود(ئەندامێتی، عضوية) بوو دنیای سەرویی، یان سیاسی بەشێوەیەکی دیاریکراو و رۆشنبیری ئەندامی بەبەشێك لەوە دادەنێن و لەو سۆنگەیەوە لەگەڵیا کارلێکدەکات و زامنکاری رودانی بەردەوامی میان پرۆژە گەلە ئابورییە کاریگەرەکان بۆ سەر فیکرو کۆمەڵگە لەیەککاتدا پێکدەهێنێ.


ئەرستۆ


هیگڵ

جۆری دووەم: رۆشنبیرە ئەندامیەکان، کە گرامشی وەها سەیریان دەکات، کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ وا بەستەی چینەکان، یاخود ئەو پرۆژانەن، کە رۆشنبیرەکان بۆ رێکخستنی بەرژەوەندیان و دەستکەوتنی دەسەلاَت و هەژمونی زیاتر بەکاریاندەهێنن.

لەرێگەی پشت بەستن بەم بیرۆکانە، پێویستە دان بەوە بنێین، ئەو کۆمەڵگە مەدەنیەی کە بۆتەدەستەبژێری عەرەبی ماوەی دوو دەیەیە، یاخود کەمێك زیاتر، بەپێداگرییەوە داخوازی دەکرێ لە بانگشەکردنی ئەوەی، گوایە بونیادی

لەچوارچێوەی رەوشی کۆمەڵگەی عەرەبی و رۆژهەلات، زۆربەی بیرمەندەکان گومانکارن و زۆربەی ئەوانەیشی کە خۆیان بە رۆشنبیری ئەندامی دادەنێن، پاڵپشتی گومانەکانیانن لە شایستەیی ئەم کۆمەڵگانە، بۆچونە نێو کەشوهەوای کۆمەڵگەی مەدەنیو قبوڵکردنی دەرکەوتە ئابوری و کۆمەلایەتیە ئەفرێنراوەکانی بەشێوەیەکی سەرەکی لەمیان چالاکیە سیاسیە پوختەکانیەوە، کە ئەم شایستەییە لە ئاماری ئەو فۆرمە سیاسیەی، کە دەوڵەت لەم ناوچەیەدا لەسەر بنەمای دادەمەزرێ بونی نییە، ئالێرەوە تەواوی مەسەلەکە

لەچوارچێوەی فۆرمی کۆتایی دەتوانرێ، وەك پرۆژەیەکی هەڵپەسێردراو سەیربکرێ، بێ ئەوەی ئەوە بگەیەنێ، کە ڕێگەمان پێنەدراوە هەندێ لە ئەدگارەکاتی کۆمەڵگەی مەدەنی دامەزراو لەسەرشێوەی نوێ بەیەکتر بچوێنین، بەلام شانبەشان فۆرمی مێژویی خۆی لە ئەوروپاو ڕۆژئاوا بەشێوەیەکی گشتی بەردەوامە.

بۆئەوەی کەس نەگاتە ئەو بڕوایەی، کە چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی لەڕوی دەرهاویشتەی زەمەنیەوە چەمکێکی نوێیە، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کەوا چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی، مێژویەکی دوورودرێژی هەیەو لەرۆژئاوا لەسەردەستی فەیلەسوفی مەزن (ئەرستۆ) پێگەیشتوە، کە بانگەوازی بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی سیاسی(پەرلەمان) کردوە، کە ئازادی دەربڕینی تیا فەراهەم بێ و بۆ داکۆکیکردن لە دادپەروەری‌و یەکسانی بڕیار لەسەر یاساکان بدات، بەلام لە سۆنگەی ئەم کۆمەڵگە سیاسیەدا بەشداریکردن تایبەتە بە کۆمەڵێك هەڵبژاردەی نێو کۆمەڵ، بێ ئەوەی ماف بە ئافرەت و کرێکار و کەسانی نامۆ و دەرەوەی کۆمەڵگە بدرێ بەشداری تیابکەن و مافی هاولاتیبونیان هەبێ، وێڕای ئەوەش چەمکەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە هەڵپەسێردراوی مایەوە، تاکو هاتنی (هیگل)ی گەورە فەیلوسوفی سەدەی نۆزدەیەم، کە کۆمەڵگەی مەدەنی دابەشکردوە سەر دەزگا دەسەلاتدارەکانی دەوڵەت‌و کۆمەڵگەی بازرگانی و ئابوری دامەزراو لەسەر بنەمای سودوقازانج، بە هەوڵی ئەوەی کە توانای کۆمەڵگە لەبوارەکانی ڕێکخستن و هاوسەنگکردن بەرزکاتەوە.

ئەوەی سەبارەت بە دامەزراندنی کۆمەڵگەی مەدەنی لەنێو کۆمەڵگە عەرەبیەکانمان‌و کۆمەڵگە ڕۆژهەلاتیەکان باسی لێوەدەکرێ، بەشێوەیەکی گشتی(وەکو ئەندێشەی زانستی) جۆرێکە لە ئەندێشەی فیکری، گەر بتوانیت بەڕاستی گوزارشتی لێبکەین، بۆیە دەستەبەرکردنی ئەم پرسە ڕێگە پێنەدراوە لە ڕووبەڕووبونەوەی دامەزراندنی تەواوی ئەم نائامادەگیە زۆرە ملێیەی ڕۆشنبیر لە فۆرمەلەکردنی سەروەری مێژویی و نائامادەگی گوزارشت لە تێڕوانینی فیکری و مکۆمکردنی خەسلەتگەلی کۆمەڵگەی داهێنراو لەئەدگاری سیاسی گشتی پێکهێنەری دەوڵەت بەشێوەیەکی بنچینەیی ، کەوابوو مەسەلەکە کارەساتێکی فیکری و کۆمەڵگەی لێدەکەوێتەوە بێتو ڕۆشنبیری ئەندامی نەخرێتە نێو کرداری دروستکردن و پێکهێنانی بیروڕای گشتی و ئاستی ڕۆشبیری بەرزنەکرێتەوە، ئەمەش ئاماژەیەکی روونە، بۆ پێداویستی حەتمیانەی بەشداریکردنی بەشێوەیەکی کارا، لە کرداری مکۆمکردنی پێکهاتە بنەڕەتیەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

سەرچاوە:
الادیب،15تشرین الثانی 2006، العدد (137)